# لەنوسینێكیدا ، قادر عەزیز وەڵامی محەمەدی مەلا قادر دەداتەوە

**باشترە بە حەزی خۆی قسە نەكات**

**سەبارەت بە لێدوانێكی محەمەدی مەلا قادر ئەندامی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان، قادر عەزیز سكرتێری گشتی حزبی زەحمەتكێشانی كوردستان لە نوسراوێكدا وەڵامی دەداتەوە، ئەمەش دەقەكەیەتی:**

دوێنێ ٢٠٠٨/٥/١٦ محمد مەلا قادر ئەندامی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان لێدوانێكی لە ژێر ناوی(قادر عزیز هەقە واز لە سیاسەت بهێنێ ، پارەی زۆرە با بازرگانی بكات) لە ماڵپەری چاودێر بۆ بلاوكراوەتەوە ، لێدوانەكەی مامۆستا گوایە لە وەڵامی قسەیەكی مندا هاتوە كە گوتومە ((تا حزبەكان چەكداریان هەبێ ئاڵوگۆركردنی دەسەلاَت روونادات)) دیارە من وتومە كارێكی ئاسان نیە ، مامۆستا لە قسەكانیدا تەنگەتاوی و پەشۆكاویەكی زۆری پێوە دیارە ئەمە جگە لەوەی هەر بە تەنهاش وەڵامی ئەو قسەی منی نەداوەتەوە ، بەڵكو لە پەنا ئەوەدا وەك هەموو لێدوانەكانی تری كۆمەڵێك قسەی لابەلای تری كردووە كە ناچاربووم لەم وەڵامەدا راستیەكان بۆ رای گشتی روون بكەمەوە:

– ئەو قسەیەی كە من گوتومە(تا حزبەكان چەكداریان هەبێ ئاڵوگۆركردنی دەسەلاَت ئاسان نیە) ئەوە بە تەنها قسەی من نیە ، بەڵكو قسەی زۆرێك لە خەڵكە سیاسی و ئەكادیمیەكانی شارەزای واقیعی ئیمرۆی كوردستانە ، تاقیكردنەوەی (١٧) ساڵی رابردووش هەر راستی ئەو قسەیە دەسەلمێنێ ، كاتێ یەكیەتی و پارتی هەمیشە بە یەك لیست بەیەكەوە بەشداری لە هەڵبژاردنەكاندا دەكەن هەر لە ترسی ئەوەی كە كێشە دروست نەبێت ئەمەش هەر ئەو مانایەی قسەكەی من دەگەیەنێ،ئەمە جگە لەوەی شەری ناوخۆش هەر بەڵگەیەكی ترە كاتێ ناكۆكی لە نێوان هەردوولا دروست بوو و هەر لایەش هێزی چەكداری هەبوو ئەو هێزەش وەلائی زیاتری بۆ حزب بوو ئەوەبوو شەری ناوخۆی لێكەوتەوە ، بۆیە من لە مامۆستا دەپرسم ئەگەر ئەو دوو حزبە هەردولا چەكداری خۆیان نەبوایە ئەو شەرە دروست دەبوو ؟ یا ئەگەر بەیانی كێشەیەكی گەورە لە نێوانیاندا دروستبێتەوە ئەگەری دروستبونی شەر لە نێوانیاندا نیە ؟ كەواتە بۆ دەبێ مامۆستا هەڵسەنگاندنێكی زانستیانە بۆ واقیعێكی وا لە كوردستان بەم شێوەیە لێك بداتەوە و ئەو كاردانەوە توندەش لە بەرامبەردا وەرگرێ ، وەك لە سەرەتا ئاماژەم پێكرد مامۆستا

له پەنا وەڵامی ئەو قسەیەی مندا کۆمەڵێ قسەی تری کردوە کە دور و نزیك پەیوەندی بە بابەتەکەوە نیە و هەموشی خۆیان دەگرێتەوەو لەسەر واقعی خۆیان پراکتیزە دەبێ،چونکە خەڵکی کوردستان ئیمڕۆ باش دەزانێ کێ لە ئێستاو لە ڕابردودا لە گۆڕەپانەکە فاشل بوەو ئێستەش وەك دەبینین موتمانەی خەڵکی لەدەست داوەو هەقە واز لەسیاسەت بێنێ،کێ ئەمڕۆ بە ملیارەکانی داهاتی خەڵکی کوردستان خەریکی کاری بازرگانیەو ئینشقاق و کەلتوری ئینشقاقیش لە بزوتنەوەی کوردایەتی کێ دایهێناوەو تا ئێستە چەندین ئینشقاقی گەورەش لە ڕیزی چ حزبێکدا ڕوی داوە....هتد،کەواتە بۆدەبێ ماموّستا تەنها باس لە ئینشقاقی نێو زەحمەتکێشان بکات.

سەبارەت بەوەش کە بە تەنها ماومەتەوە و بەقسەی مامۆستا متمانەی خەڵکم لە دەستداوە ئەوە باشترە مامۆستا ورتر لەو قسانەی خۆی بکۆڵێتەوەو تەنها بە حەزی خۆی قسە نەکات چونکە ئەگەر وایە ئەی لیستی هاوبەشی (٤) حزبە کوردستانیەکە لەگەڵ کێی تر بوەو لەکێ پێك هاتووە، لە کۆتایدا داوا لە مامۆستا دەکەم باشترە ئاخافتنەکان سیاسیانەتر بێ و هەموومان دورکەوینەوە لە قسەی لابەلا و پەلاماردانی یەکتر کە خزمەت بە پەیوەندی دۆستانەی نێوانمان و سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی داهاتوی پەرلەمانی کوردستان ناکات .

قادر عزیز

سکرتێری گشتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان